## پێشێل کردنی ماف و ئازادیەکانی رۆژنامەنوسان لە خۆپیشاندانەکەی کەلاردا... سەباح عەلی جاف

دوای پانزە ساڵ لە حوکمڕانی و حوکمەتی کوردی و تێپەڕ بونی دوو ساڵ بەسەر ئازادی عێراقدا و ئەنفال کردن و ماڵوێرانی خەڵکی گەرمیان، دواجار بەهۆی نەبونی خزمەت گوزاریە سەرەتایەکانی وەك (ئاو. کارەبا. سوتەمەنی) و ناعەدالەتی دابەشکردنی ئەو خزمەت گوزاریانەو چەندینی تریش خەڵکی بەش مەینەتی سەردەمی ئەنفال و حوکمڕانی کورد بە دەست پێشخەری کۆمەڵی گەنجی ورياو چالاك رژانە سەر جادە بۆ داواکاریو مافە سەرەتایەکانیان..

ئەوەی من لەم بابەتەدا دەمەوی قسەی لەسەر بکەم ئەو پێشێل کاریانەیە کە لە لایەن هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسەوە کرایە سەر رۆژنامە نوسان، هەموو لایەك دەزانن کە هەر لە سەرەتای خۆپیشاندانەکەوە کە هەست بەوە دەکرا کە رۆژنامە نوسان ناتوانن بە ئازادی مومارەسەی کاری رۆژنالمە نوسی خۆیان بکەن وەك ئەوەی کە نەیاندەهیێشت هەندێك رۆژنامەنوس بچێتە حەوشەی قایمقامیەت و رۆژنامە نوسی تێدا بوو رۆڵی چاو دێر و جاسوسی بەسەر رۆژنامە نوسان و هاوڵاتی خۆپیشاندەریشەوە دەبینی ئەمەیش بووە مایەی ئەوەی کە دوو رۆژنامە نوس پێکدا هەڵپژێن و لە لایەن هێزەکانی ئاسایشەوە یەك لەو رۆژنامەنوسانە ببرێتە ژووری قائیم قامیەت..

خۆش بەختانە لەم خۆپیشاندانەدا پەیامنێرو نێردراوی هیچ کەناڵێکی راگەیاندنی بیانی و جیهانی تێدا نەبوو ئەگینا ئابڕوی دەیان ساڵەی کورد دەچوو و دەبوینە یەکێك لە حوکمەتە نادیمکراتیەکان و لە مێژوو دا باس دەکراین هەرچەندە ئەو خۆچیشاندانە لەسەر ئاستی دنیا قسەی لەسەر کرا و تێیدا هەر لایەو بەشێوەیەك ئاراستەی دەکرد بەڵام حەقیقەت ئەوەی کە کرا داوایەکی رەوای خەڵك بوو بەڵام دزو جەردە چەند دیمەنێکی خۆپیشاندانەکەیان ناشرین کرد..

نازانم لە هەموو خۆپیشاندان و روو داوێکدا رۆژنامە نوس ئەرك و مەهامی خۆی هەیەو بێ لایەنە لە هەموو روداو کرداریەك کە روو دەدات و تەنها ئەرکی گەیاندنی روو داوەکانە بەشێوەیەکی راست و دروست، رۆژنامە نوس دەبێت بەردەوام لەو جێگەیە بێت کە خەڵکی ناتوانن تێی بچن و مەترسی دارە، دەبێت رۆژنامە نوس وێنەی حەدەس وەك خۆی بۆ خەڵکی بگوێزێتەوە، بەڵام ئەوەی لە خۆپیشاندنەکەی کەلار دا بەسەر رۆژنامە نوسان هات بە ئەهلی حزبی و حزبی دەسڵاتداریشەوە مەگەر با بە دەواری دۆمی کردبێت..

لە خۆپیشاندانەکەی (9/7) دا رۆژنامە نوس نەبوو سوکایەتی پێنەکرێت لە لێدان و گرتن و تف و قسەی ناشرین و گرتنی کامێراو ریکۆردەرو شکاندنی یاخود بە توندی رێگەی لێنەگیری کە دیمەنێك وێنە بگرێت و لە لایەن هێزەکانی ناو خۆوە چاوی لێ سور نەکرێتەوە، من بۆ خۆم کە لەگەڵ رۆژنامە نوسێکی تردا دەمان ویست لەم بەری جادەکە بۆ ئەو بەر بپەڕینەوە دەیان جار لە پۆلیسێکی پلە دار پاڕاینەوەکە رێگەمان پێبدات بچینە سەر یەکێك لە دیمەنەکان بەڵام کاکی پۆلیس پێی دەوتین رۆژنامە نوسی چی؟ ئەمڕۆ قەوماوەو ئێوەیش جاسوسی بە سەرمانەوە دەکەن، ئەو روداوانەو چەندانی تریش زۆر ئاساییە چونکە پیشەی رۆژنامەنوس وایە و دەبێت وای لێبکرێت و هێزەکانی ناوخۆیش هەر ئەوەندەی لێدەزانن و هیچ هۆشیاریەکیان نیە گەر نا بۆ نەیاندە هێشت بە ئازادی کاری رۆژنامەنوسی بکرێت..

لە خۆپیشاندانەكەدا نمونەی چەند رۆژنامەنوسێك دەهێنینەوە كە سوكایەتی پێكراوە بەم شێوەیە:
-پەیامنێری هاولاتی هەر لەسەرەتاوە رێگەی پێنەدرا بچێتە حەوشەی قائیم قامیەتەوە ئەوە بوو لەگەڵ پەیامنێری كوردستانی نوی دا بوو بە شەڕیان..
-پەیامنێری رادیۆی تەوار و رۆژنامە ژیانەوە قەمیسەكەی لە بەردا دڕاو سوكایەتی پێكرا..
-پەیامنێری باسەرە بۆ ماوەی چارەكێك لە لایەن ئاسایشەوە گیراو كەرەستە رۆژنامە وانیەكانی لێزەوت كرا..
-نێردراوی تایبەتی راگەیاندنی مەڵبەندی یەكێتی تا خوا حەز بكات لە لایەن ئاسایش و پۆلیسەوە لێی درا..
- جارێكی تر پەیامنێری هاولاتی لە لایەن ئاسایشەوە گیراو كەرەستەكانی راگەیاندنی كە لە جانتاكەی دا بوو برا..
- پەیامنێری (ئایندە T V) سوكایەتی پێكرا..
-كامێرامانی تەلەفیزیۆنی ئازادی لە كەلار لە ترسان كاسێتی تەسویرەكەی گۆڕی و شاردیەوە..
- رۆژنامە نوسێك كەبۆ رادیۆی نەوا راستەوخۆ قسەی دەكردگەر هاولاتیەكی پیاو خوا نەبوایە لە لایەن هێزەكانی ناو خۆوە هێرش دەكرایە سەری..
- پەیامنێری یەكگرتوو كامێراكەی برا..
ئەوەی سەرە وە چەند نمونەیەك بوو لەو نمونانەی كەمن بۆ خۆم بە چاوانی خۆم دیمەو رەنگە ئەوەی كەمن نەم دیبێت چەندانی تر روی دابێت ئەوەجگە لەوەی كە بەبەردەوامی رێگە لەوانە هەمویان دەگیراو سوكایەتیان پێدەكرا..
من وەك رۆژنامەنوسێك كە لەو خۆپیشاندانەدا كاری پەیامنێریم دەكرد هەستم بەغرور كرد چونكە ئەوەی لە یاسای پەرلەمانی كوردستان و سەندیكای رۆژنامەنوساندا هاتوەو وەزارەتی ناوخۆ ئیدیعای بۆ دەكات هیچی وانەبوو ئەمە لە كاتێكدا چەندین رۆژنامە نوس چەندین بەردی خۆپیشاندەرانی خوارد و جارێكی تریش لە لایەن خۆپیشاندەرانیشەوە هەمان موعاناتمان هەبوو..
داواكارم لە وەزارەتی ناوخۆ هۆشیاری تەواو بداتە هێزەكانی خۆی بۆ ئەوەی بەو شێوەییە مامەڵە لەگەڵ رۆژنامەنوساندا نەكەن و چیتر خەڵكی شوان و كەم ئەزمون و مێرد منداڵ لە هێزەكانیدا دانەمەزرێنێت، سەندیكای رۆژنامەنوسانیش بە توندی پێشێل كاری و ئازادیەكانی رۆژنامە نوسان مەحكوم بكات و سنور داری بكات و دەنگی راستەقینەی رۆژنامە نوسان بێت و هاولاتیانیش بۆ داواكاری و بەدەست هێنانی مافەكانیان هێمنانەتر بێنە سەر جادەو دیمكراسیانە تر خۆپیشان دان بكەن.

sabah ali83@yahoo. com